# هەڵوێستی پارتی ژینگە لەلایەن ئەندامی پەرلەمانت( بودیل سێبالۆس )و کەندیداتی پەرلەمانت (ڕێبوار حەسەن )وەبەرانبەر هێرشەکانی تورکیا بەسەر خاکی عێراق

بەئاگایانە سەربازان و میلیتاری تورکیا سوکایەتی بە خاکی عێراق دەکەن و سنوری عێراق دەشکێنێن

ڕۆژی چوارشەمە 16 مانگی شەش ٢٠١٠ سوپای تورکیا چۆتە ناو سنوری باکوری ئێراق واتە سنوری هەرێمی کوردستانی شکاندووە. سوپای تورکیا بە تانک و فرۆکەی سەربازیی سواکیەتی بە سنورو خاکی عێراق دەکات. پارتی ژینگە لە بۆنەکانی تریشدا ڕەخنەی توندی لە م کارانەی ڕژێمی تورکیا گرتووە، کە سوپای تورکیا ڕێز لە سنوری وڵاتەکی خۆی دراوسێکانی ناگرێت.
لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەوەبڵێین کە سوپای تورکیا ڕێز لە سنوری نێونەتەوەیی و یاسایی نیونەتەوەیی ناگرێت. تورکیا وەکو کاندیدێکی وڵاتانی ئەوروپای هاوبەش جێی سەرسوڕمانە بەردەوام لەڕێگای هێزی سەربازیەوە دەیەوێت پرسی کوردی چارەسەربکات.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەرۆغان وەکو کەسی یەکەم ، هەروەها ڕژێمی تورکیا نەدەبوو بەردەوام سوکایەتی بە کورد و مافی مرۆڤایەتی کورد بکات ، ئەگەر مەبەستە بێتە ناو ئەوروپای هاوبەشەوە.

دەوڵەتی تورکیا دەبوو دورکەوتایەتەوە لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی و توندوتیژی بەرانبەر خەڵکی کورد ئەگەر نایەنەوێت بەقوڵی دووڕوویی نیشان بدات ، لەلایەک ئەو بەرزنرخاندنەی ئەردوغان و تورکیا لە جیهانی ئیسلامی ، بەرانبەر هاریکاری مرۆڤایانەیان بەرانبەر غەزە و کەشتی ئاشتی بۆ غەزە.

هەڵوێستی نوێی تورکیا بەرانبەر پرسی فەلەستینیەکان جێێ ڕێزە، بەڵام تورکیا ڕێز لە مافی دانیشتوانی خۆی ناگرێت، زەحمەتە باوەڕ بە تورکیا بکرێت ،و بە هەڵوێستی تورکیا جیدی بێت لە گەڵ گەلی فەلەستینی و مافی خەڵکی غەزە. سەرەتا تورکیا دەبێت لە ناو وڵاتەکەی خۆیدا ئاشتی بخوڵقێنێت و گرفتەکانی چارەسەربکات، بۆئەوەی وەکو ئاشتی خوازێکی جیهانی جێی باوەڕبێت لە دەرەوەی تورکیا.
هێرشی تورکیا بۆ سەر خاکی کوردەکانی عێراق بەڕونی بێ هەستی کوێری نیشاندەدات بەرانبەر گرفتەکانی ناوەی خاکی تورکیا و ئەمەش زۆر بۆ ئەردۆغان باش و ئیجابی نیە.

ئاسانە ڕەخنە لە ناکۆکی ئیسرائیل و حەماس گرتن ، کە چۆن سزایی کۆی فەلەستنینیەکان دەگیرێت، بەڵام کاتێک سەربازانی تورکیا بۆمبارانی خاکی عێراق دەکەن جێی داخە ڕەخنەی جیهانی خێرا لە هێرشی سەربازی تورکیا ناگیرێت. هێرش و سوکایەتی بەردەوامی تورکیا بۆسەر خاکی عێراق پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بێلایەنەی جیهانی هەیە.

بۆدیل سیبالۆس ، ئەندامی پەرلەمانت / پارتی ژینگەی سوید

ڕێبوارحەسەن / ئەندامی شارەوانی ستۆکۆڵم و کەندیداتی پەرلەمانت.

---

Kurdocide Watch-CHAK

CHAK-Navenda Dokumentasyonê

www.kurdocidewatch.net